# ڕەگەزی دووەم
# ((چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سیمۆن دی بۆڤوار))

*ئینتەرنێت*
*وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئوف*



ئەم چاوپێکەوتنە (جۆن گێراس)لەساڵی ١٩٦٧ ئەنجامە داوە، لەگەڵ فێمینستی گەورەی فەرەنسا سیمۆن دی

بۆڤوار(١٩٠٦ـ ١٩٨٦)، سەرجەم چاوپێکەوتنەکە تایبەتە بە قسەکردن لەسەر کتێبە بەناوبانگەکەی کەبەناوی (ڕەگەزی دووەمSecond sex) بۆڤوار لە ساڵی (١٩٤٩) دا نوسیویەتی لەراستیدا ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە دانسقەکانی جیهان.

*** ئەمڕۆ بیست و پێنج ساڵ بەسەر چاپکردنی کتێبەکەت، واتە( ڕەگەزی دووەم)دا تێپەریوە، زۆربەی خەڵك بەتایبەتی ئەمریکییەکان پێیانوابوو، بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، سەرەتای دەستپێکردنی بزوتنەوەی فێمنیستی هاوچەرخ بوو لە جیهاندا.**

**بۆڤوار** : لەو بڕوایەدا نیم، چونکە تەوژمی بزوتنەوەی فێمێنیستی پێنج شەش ساڵێك پێش بڵاوبونەوەی کتێبەکەم دەستیپێکرد, دوای ئەمە کاتێك بزوتنەوەکە گەشەی سەند، هەندێك لەسەرکردە فێمنیستییەکان هەندێ خاڵی بنچینەیی کتێبەکەمیان زۆر بەپیرۆزی وەرگرتبوو, بەڵام بەتەنها کتێبی (ڕەگەزی دووەم) نەبووە هۆی هەڵگیرساندنی بزوتنەوەکە، زۆربەی ژنان زۆر ئەکتیڤ بوون لەشۆڕشەکەدا، کە هێشتا سەرەتای بزوتنەوەی فێمینیستی بوو لە ساڵانی(١٩٤٩ـ١٩٥٠). کاتێك کتێبەکەم لەو ساتەدا چاپو بڵاوکردەوە، کاریگەری زۆری ژنان هەبوو. ئای کەدڵخۆش بووم. بەدڵنیاییەوە دوای ئەوە، ژنان کێشەکانی خۆیان لەکتێبەکەمدا بینیوەو چەندین ژنی بەتەمەن نمونەی (Betty Friedab)کتێبی( the Feuainine mystique)ی نوس‌و تەرخانیکردبوو بە قسەکردنی کتێبەکەی من و زۆر لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی مندا بوون, بەڵام ژنانی تر زۆر نا، بۆنموونە (Kate Millet) تەنها پشت بەزانیاریەکانی خۆی دەبەستێت لە سەرفێمێنیزم.

ئەوان بوون بەفێمینیست لەسەر ئەو بۆچوونانەی، کەلە ڕەگەزی دووەمدا باسمکردووە، ئەوان هەڵگری ئەو بۆچوونانەش بوون، کەپشتیان بەشارەزایی خۆیان دەبەست لەژیانی ڕۆژانەیاندا.

*** تۆ وتت هوشیاری فێمێنیستی خودی خۆت لەو شارەزاییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ڕەگەزی دووەمدا دەرتبڕیوە، بەچۆن وبەچ شێوەیەك؟ تۆ گەشەکردنی بزووتنەوەی فێمێنیستی چۆن دەبینی دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەت بەتایبەت سەبارەت بە گەشەکردنی بیرۆکەی فێمێنیزم لای خودی خۆت؟**

**بۆڤوار** :دوای نوسینی ڕەگەزی دووەم، من بۆیەکەم جار هۆشیاربوومەوە، بەوەی کەهەستمکرد سەرکردایەتی ژیانێکی هەڵە دەکەم. زیاتر لەوەمن تاڕادەیەك توانیم خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگەی باوك سالاری بکەم و زانیار مەندبم لەو بارەیەوە. من هەستمکرد دەتوانم ئەوی دی (پیاو) بخوێنمەوە تەنانەت ژیانی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەگەزی پیاودا، بێگومان من تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوبوم. من هەڵگری ئەو بۆچوونە بووم، کەدەکرێ ژنان و پیاوان یەکسان بن (ئەگەر ژنان بیانەوێ یەکسان بن), بەمانایەکی تر من ڕۆشنبیربووم بەچەمکی فێمێنیزم. من چانسی ئەوەم هەبوو کەبێمە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەوە، بەتایبەتی چینی ناوەند (Middle class)بۆئەوەی بتوانم بچمە ناو ژیانی پیاوانەوە، بەبێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك. من وام نیشاندا کەدەتوانم گفتوگۆیەك بکەم، لەسەر فەلسەفەو هونەرو ئەدەب و.. هتد، تا ڕادەیەکیش توانیم ژنێتی(womanhood) ی خۆم بپارێزم وزیاتر بەهێز بووم بەوەی، کە دەتوانم بەردەوام بم، تەنانەت بتوانم وەك ئافرەتێك سەفەر بکەم، گەر ئارەزوم بێت، یاخود وەکو نوسەرێکی پیاو لە چایخانەیەك دابنیشم‌و وەك ئەوان قسە لەسەر شتەکان بکەم. من هەوڵمدەدا، کە ببم بە بەشداریکارێك لە(ژیان لەگەڵ ئەوانی دیدا). لە نووسینی ڕەگەزی دووەمدا فێربووم کەمل ملانێ (struggle) بکەم، هەرچەندە بەو حەقیقەتەش گەیشتم، کە زۆرینەی ژنان هەڵگری ئەو بیروباوەڕە نەبوون، کە من هەڵگری بووم، ڕەنگە تاڕادەیەکیش ناحەقی ئەوە نەگرم, چونکە کارکردنی ژنان ئازادی ئەوانی کەمکردوەتەوە بۆبەشداریکردن لەبزوتنەوەی ژناندا. ژنان دەیانزانی کەهەندێجارمێردەکانیان ڕێگرن لەبەردەم قەرارەکانیاندا. ئەمەش لەبەرئەوەبوو کەوەزیفەی ژنان ، تەنها کارکردن بوو لەماڵدا، بەهەر شێوەیەکی تربێت، هەموو ئەو کۆسپانەهۆکاربوون، بۆ ئەوەی بەشداری بزوتنەوەکان نەکەن. ئەوەی کەمایەی دڵخۆشییە، کە هەندێك بزوتنەوەی ژنان ئەبینم، دڵنیام گەورەترین دەسکەوتی دەبێت، سەبارەت بە بڕیاردانی ژن و ئازادی ژنان.. هتد، کەڕەنگە لە ئایندەدا زیاتر هەست بەو ڕاستییە بکەین.

*** بەڵام ئەو هۆشیارییەی کە تۆ باسی دەکەیت، لەبارەی ژنانەوە شتێکی سنورداره , بەتایبەت ژنانی چەپڕەو (leftist)، واتە ئەوە نوخبەیەکی ژنانە، کەبەشداری لە بڕیارەکانی کۆمەڵگەدادەکەن؟ .**

**بۆڤوار:** بەڵێ بێگومان، تەنانەت دەکرێ ئەوانە پاشماوەی محافزکارەکان بن و بیانەوێ پارێزگاری لەوەبکەن کەهەیانە. ژنانی محافزکار، ئەوانەی سەربەباڵی راستڕەوەکانن، ناتوانن شۆڕش بکەن، ئەوان دایکان و ژنانی ناوماڵن، پابەندن بەفەرمانەکانی پیاوانەوە, بەلاّم گەربیانەوێ دەتوانن بگۆڕێن و فێربن کەئەوان کێن و بەشداری هەڵبژاردن بکەن و نوێنەریان بچێتە پەرلەمان و ژنان هەڵبژێرن بۆسەرۆك، بەلاّم رەنگە ئەوان زۆرفەندامێنتاڵیانە بیربکەنەوە و ڕەنگە بەتەواوی لە چەمکی یەکسانی تێنەگەیشتبن.

کاپیتالیزم توانی ژنان والێبکات، کە بەشداری بزوتنەوەی چەکداری بکەن, وای لە ژنان کرد، کەبەشداری هێزی سیاسی بکەن، سۆسیالیزم دەتوانێ ڕێگە بە ژنان بدات، کەببن بە سکرتێری گشتی پارتە سیاسییەکان، ئەوانە تەنها ڕیفۆرمن وەك ئاسایشی کۆمەلاّیەتی، یاخود پڕکردنەوەی بۆشاییەك بەلاّم پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا بە دامەزراوەکردن، دەتوانێ ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، سەبارەت بەنایەکسانی لەسەردەمی کاپیتالیزم دا؟ ئایا مافی ژن وەك کرێکار لەکارگەکاندا و موچەی یەکسان لەگەڵ پیاودا پێوەربێت بۆ گۆڕانی عەقڵی پیاو سالاری، لە کۆمەڵگەی ئەڵماندا)؟

بەلاّم گۆڕانی سەرجەم ئەو بەهاوسی سیستەمانە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بێت, تێکشکاندنی چەمکی دایکایەتییە، کە ئەوەش بۆخۆی شۆڕشێکە. فێمێنیستێك گەربەوە ناوزەندبکرێت، یان دەکرێ ناساندنێك هەبێت بۆ چەمکی چەپڕەو, ژنی چەپڕەو ئەوکەسەیە کە ململانێ دەکات بۆ مافە یەکسانییەکانی، بۆ ئەو مافانەی کە رۆڵی گرنگ لە ژیانی ژندا دیاریدەکات, هیچ نەبێت ژن بتوانێ گوزارش لە خۆی بکات وەك هەر پیاوێك، لەبەرئەوەی پابەندبوون بە شۆڕش (یەکسانی رەگەزەکان) داواکاریەکە بۆ یەکسانی چینەکان(class equality) ، لەبەرئەوە شۆڕشی ڕەگەزی یەکسانە، بە شۆڕشی چینەکان، بەلاّم ناتوانن ململانێی چینەکان بەململانێی رەگەزی ناوزەند بکەین، کە رەنگە لەناو چینەکاندا ململانێی ئابوریش لەئارادا هەبێت، لەبەرئەوە فێمێنیستەکان ئەوانەن، کە جورئەتێکی چەپڕەوانەیان هەیە, لە ڕاستیدا ئەوان ئەو چەپڕەوانە نین، کە بەشێوەیەکی تەقلیدی، لەچەپڕەوی سیاسی دەڕوانین، فێمێنیستی چەپڕەو مەبەستم یاخی بوونە بەمانا ڕادیکاڵییەکەی .



*** بەلاّم لەهەمانکاتدا شۆڕشی ڕەگەزی، تەنها لە خەباتی چەپڕەوەکاندا تێبڕوانین، وەك باستکرد بریتییە لە ململانێی ڕەگەزی, کە بەلای کەمەوە شۆڕشێکی کاتییە، جیاواز لەکایەکانی تر. ئایا شۆڕشی فێمێنیستییەکانی بچوککردنەوەی ماناڕاستەقینەکەی (چەپڕەو)نیە، سەبارەت بەبزوتنەوەی ژنان لە هەرکوێیەك بن؟ .**

**بۆڤوار** :نەخێر ئەوە خەباتێکی درێژخایەنە کە تەنها چەپڕەوەکان دەتوانن بەرجەستەی بکەن. لەبەریەك شت، ئەوەش ململانێی بێ چەندو چوونی چەپڕەوەکانە, بۆ نموونە سەیری ڕۆژنامەکان بکە، هەستی پیاوان بەرامبەر مافەکانمان وایکردوە کە لە کۆمەڵگەیەکی باوك سالاری دا ژنان ببن بە بەڕێوەبەر, ئەوە خۆی بۆ خۆی پێشکەوتنە, پیاوانیش ناچارن لەو گۆڕانکارییە بڕوانن، کەژنان بە خۆیانەوە دەیبینین

سەرچاوە/ ئینتەرنێت
WWW.LONG.SOTON.AC